## ئــە نجــومــەنــی دادوەری

**ژمارە : ٧٠ لە ٢٠١١/٩/١٣**

بۆ جێ بەجێکردنی بڕیاری سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە ٢٤ ی ساڵی ٢٠١١ ئەنجومەنی دادوەری بڕیاریدا بە کۆی دەنگی ئامادەبوان بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە :

## ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١١

١. پێویستە سەروەری یاسا بپارێزرێ وە بەیەك پلە لە سەر گشت هاولاتیان جێ بەجێ بکرێت وەبەبێ جیاوازی .

٢. بۆ هیچ کەسێك یاخود لایەنێك نیە کەسێك دەستگیر بکات وە یاخود پشکنینی (تحري) مالان بکات وە یا پشکنینی کەسانێك بکات بەبێ بڕیاری دادوەر جگە لە تاوانەکانی دیتراو (مشهودة) لە ماددەکانی ٧٢و ٧٣ و٩٢ و١٠٢ کە لە یاسای بنەماکانی سزایی هاتوە وپابەند بوون بە حوکمەکانی یاسا لە وانەی بە گرتنی تومەتبارەوە پەیوەندارن و چرکردنەوەی (حصر) ئەو حوکمانە لە حالەتە پێویستیەکان و ئەو حالەتانەی کە دادوەر بە پێویستیان دەزانێت .

٣. نابێت توند و تیژی یاخود تەهدید بە قسە یاخود بەکردار بەکاربێت دژی تاوان خراوە پاڵ لە کاتی لێکۆلینەوە لە گەلیدا .

٤. پێویستە راگیراو لە جێگای تایبەت بە راگیراوان دابنریت کە چاودێری پزیشکی و کۆمەلایەتی بیگرێتەوە و لە ژێر دەسەلاتی حکومەت بێت و رێز لە ئاینەکەی و بنەماکانی ئەخلاقی راگیراو بگیرێت .

٥. رێز لە دادوەران و دادگاکان بگیرێت بە جێ بەجێ کردنی بڕیارەکان وە بۆ کەس یاخود لایەنێك نیە تاوتۆی (مناقشەی ) بڕیاری دادگا بکات جگە لە تانەی یاسایی بە پێی مادده /١٩ لە دەستور و مادده /٢ لە یاسای دەسەلاتی دادوەری ، بۆ هیچ کەس و لایەنێك نیە تەدەخول لە کاروباری دادوەری بکات وە بەپێچەوانەوە پێویستە هەر دادوەرێك ئاگاداری ئەنجومەنی دادوەری بکات بەناوی ئەو لایەنەی یان ئەو کەسەی کە تەدەخولی ئیش و کارەکانی دادگا دەکات بۆ وەرگرتنی ڕێکارەکانی یاسایی دەرهەقیان .

٦. رێکاری یاسایی وەربگیرێت دەرهەق بەو کەسانەی یاخود لایەنەکانی پەیوەندار کە بریاری دادگا جێ بەجێ ناکەن لە لایەن دادگاوە یاخود لەلایەن داواکاری گشتییەوە بەپێی ماددەکانی کە تایبەتن بەم بابەتە لە یاسای سزاکان ژمارە ١١١ بۆ ساڵی ١٩٦٩ ی هەموارکراو ، وە ئەگەر کەسەکە فەرمانبەر بوو بۆ ئەنجومەنی دادوەری هەیە داوا بکات لە سەرۆکایەتی هەرێم کە رێکاری لەگەل بکرێت بە لادانی لە شوێنەکەی بۆ شوێنێکی تر یا سەپاندنی هەر سەزایەك لە سەری بە پێی یاسا .

٧. پێویستە گشت تۆمەتبارێك لە قۆناغی لێكۆڵینەوەدا پارێزەری هەبێت وە بۆ ئەم مەبەستە پێویستە سەندیكای پارێزەران لیستێكی مانگانە پێش كەش بە دادگاكانی لێكۆڵینەوە بكات بە ناویان و ژمارەی مۆبایلەكانیان .

٨. وەزارەتی دارایی و ئابوری هەرێمی كوردستان كرێی ماندوبونی پارێزەرەكان خەرج بكات بە پێی مادده /١٢٣/ب لە یاسای بنەماكانی سزایی كە هەمواركراوە بە پێی مادده /٣لە یاسای ژمارە ٢٢بۆ ساڵی ٢٠٠٣ .

٩. دادگاكان پاش هەر داواكاریەك بەلگەی یاسایی تەواو كۆ بكاتەوە ئینجا بڕیار بدات بە ئامادە بوونی وە یاخود بە دەركردنی فەرمانی دەستگیركردنی تاوان خراوە پاڵ .

١٠.ئاگاداری كەسوكاری گیراو بكرێت بە ڕۆژی گرتنی لە گەل تۆمەتی كە خراوەتە پالی لەلایەن ئەوەی بە كاری لێكۆڵینەوە هەڵدەستێ (القائم بالتحقیق ) .

١١. ئەم ڕێنماییە جێ بە جێ بكرێت لە ڕۆژی دەرچونیەوەو بلاوبكرێتەوە لە ڕۆژنامەی وەقائعی كوردستان .

**أحمد عبدالله زبیر**

**سەرۆكی ئە نجومەنی دادوەری**